# وەفدەکان, خواست و ویستەکانی لاوان چەواشە دەکەن!

**بەشدار عەلی**

لەم ماوەیەدا دوو وەفدی بەناوی نوێنەرایەتی لاوانی کوردستان لە هەولێرو سلێمانی بە جیا سەفەرێکیان بۆ وڵاتانی ئەورروپاو ئەمریکا ئەنجامدا, سەرباری کۆمەڵێك کێشە کە بۆیان هاتۆتە پێش لە کاتی سەرفەرکردنیان بەڵام بە قسەی خۆیان ئامانجی سەفەرەکەیان پێکاوەو وەزعیەت و گوزەرانی لاوانی کوردستان و حەزو خۆزگەو هیوایەتەکانی لاوانیان بەم وڵاتانە ئاشنا کردووە, تاکو ئەوانیش لە ژیانی لاوان ئاگاداربن و بەرنامە چاکسازی و پاکسازیەکانیان لە کوردستان لەم لایەنەوە بخنەکار. بەجیا لەوەی کە دەوڵەتانی ئەورروپاو ئەمریکا خۆیان باش ئاگاداری وەزعیەت و گوزەرانی خەڵکی عێراق و کوردستان هەن و لەم نێوەندەشدا گەنجان و لاوان و قوتابیان, لایان مەعلومە کە لە وڵاتێکدا سەرەتاترین پێوانەکانی ئینسانیەت, سادەترین ماف و ئازادییەکانی تاك, ژیان و ئەمنیەت و ئاسایشی خەڵك لە ژێر پرسیاردابێت, ئیتر باسکردن لە رەفاهیەت و خۆشگوزەرانی و قسەکردن لە حەزو خۆزگەو خولیاو ئاواتەکانیلاوان پولێکی قەڵپ ناکات و کات بە فیڕۆدانە, بەڵام ئەم وڵاتانە خۆیان ویژدانیان بە بەرژەوەندی فرۆشتووەو رێگا خۆش دەکەن کە تروسکاییەکی رووناکی کە بەدی دەکرێت لەم وڵاتەدا بکوژێتەوەو سیمایەکی مەدەنیەت نەهێلێن, ئەگەرنا خۆیان چەندین نوێنەریان لە عێراق و کوردستان هەیە لە هەڵسوکەوتی سادەی لاوان واقیعەتەکە دەخوێندرێتەوە. بەهەر حاڵ ئەوەی ئێمە لێرەدا دەمانەوێت روونی بکەینەوە و بەهەموو دنیایی رابگەیەنین و کە راشمانگەیاندوو راستکردنەوەی خواست وویست و داواکارییەکانی لاوانی کوردستانە لە زمانی ئەم (نوێنەرانەمانەوە). پێیان رابگەیەنین ئەمە ژیانی لاوان نیەو ئەمە هیواو ئاواتەکانی لاوان نیە. ئاشکرایە کە لاوانی ئەمرۆی کوردستان نارازین و دەسەڵاتدارانی کوردستانیش باش دوکیان بەم راستیەوە کردووە و چەندین رێگاو میکانیزمیان گرتۆتەبەر لە ماوەی 2 ساڵی رابردوو بۆ دامرکاندنەوەی نارەزایەتیەکانیان وە زۆر کەس ئەم نەوەیە بە نەوەیەکی (یاخی) وەسف دەکەن, بێزارییەکی سەراپاگیر دەروونیانی تەنیوە, بێزارن لە حزبەکان لە دەسەڵاتەکان لە رێکخراوەکان تەنانەت لە خودی خۆشیان کە چارەنووس حەزو خۆزگەو ئاواتەکانیان لەنێو بەرداشەکاندا دەهاردرێن, دارزیوترین فەرهەنگ و داب و نەریت و کەلتوری پیاوانی ئەشکەوت کراوەتە نسیبی ئەم نەوەیە کە سەرەتاترین ماف و ئازادییە فەردی و مەدەنیەکانی رۆژانە دەخرێنە ژێر پرسیارو هەست و نەستیان پێ بریندار دەکەن, ئێوە بڕیار بدەن ئەمە چ جەهەنەمێکە کچ و کوڕێك چەند کاتژمێرێك بەیەکەوە بووبن ببردرێنە نەخۆشخانەو دادگا بۆ لێکۆڵینەوەو پشکنین! ئیتر سنوردارکردنی ئازادییەکانی تری وەکو نووسین و کۆڕو سیمینارو بڵاوکردنەوەو چاپ ئەمە لەلایەکی تر بوەستێ کە هەموو کەسێك بۆی نیە ئەم کارانە بکات سنوردانراوەو بەزاندنی ئەم سنورانە مەترسی لە دواوەیە! ئەمانە هەمووی لەلایەك, لەلایەکی دیکە گەندەڵیی بەرپرسان و دەسەڵاتداران و دزی و راوروتیەك کە ژیانی شاهانەی بۆ بەشێکی کەم لە خەڵك دابین کردووە و بەشی هەرەزۆری خەڵکیش لە سەخترین و ناخۆشترین وەزعیەتدا دەیگوزەرێنن, تورەیی و نارەزایەتی لاوانی کوردستانی بەوپەڕی خۆی گەیاندووە و سەرباری هەموو رێگرییەکان و کپ کردنەوەی, هەر رۆژەو لە شوێنێك و لە مناسەباتێك دەتەقێتەوە, تەنانەت چەندین کۆلێژی زانکۆی سلێمانی ئەمساڵ وەکو نارەزایەتی دەربڕینێك لەبەرامبەر هەموو ئەو وەزعیەتەی کە باسمان کردوو چەندین شتی دیکە ئامادەنەبوون وێنەی دەرچوونیان بگرن. ئیتر ئێستا ئەم وەفدانە چۆن دەتوانن بۆمان بسەلمێنن کە لاوانی کوردستان لە وەزعی ئێستای کوردستان رازین و هەموو ماف و ئازادییەکانیان دابین کراوە!؟ ئاخر کێ حەز دەکات خۆی بێهۆش بکات و ئەفیون و تلیاك بکێشێ, ئەگەر لە ناچاریەوە نەبێت و وەزعیەتێك فشاری بۆ نەهێنابێ؟! ئاخر کێ حەز دەکات ئازیزان و دۆستان و خۆشەویستانیبەجێ بە هێڵێ ئەگەرنایەکسانبەکان و ئێش و ئازارەکان گێژیان نەکردبێ!؟ ئازیزانم ئەوەندە بەسە بۆئەوەی لە وەزعیەتی لاوان و ژیان کردنیانتان تێبگەیەنم کە

لاوان له زمانی خۆیانەوە دەڵێن: (تەنها پێڵاوەکانمان ئێمە بەم مەملەکەتە دەبەستێتەوە). لەکام بەڵگەنامە, لەکام پرۆسەی سیاسی, لەکام دیکۆمێنت وکۆڕو کۆبوونەوە لاوانی کوردستان داوای یەکپارچەی خاکی عێراق و چەسپاندنی فیدرالیان کردووە؟ ئینسان لەم چەواشەکاریانە سەری یەشێ و ژان دەیگرێ,لاوانی کوردستان نەك ئەم عێراقە فیدرالەیان قبول نیە بەڵکو بەتێکڕای دەنگ دەستوورە فاشیەکەشیان رەفزکرد, ئاشکراشە زۆربەی هەرە زۆری ئەو کەسانەی کە ئیمزایان کرد بۆ سەربەخۆیی کوردستان ( کە ئیمزاکان کرا بە تووشتە !) لاوان و قوتابیانی کوردستان بوون. ئیتر تۆ ناتوانین بەرنامەو سیاسەت و بیرکردنەوەی نوخبەیەك بەسەر هەموویانەوە فەرزبکەیت و زیاتر لەنێو گێژاویان نوقم بکەیت, ئەمە تاوانێکی ترە دەکەوێتە ئەستۆتان. منیش بەم وەزعیەتە نیگەرانم و حەزم دەکرد لاوان و سەرجەم خەڵکی کوردستان لە خۆشترین و پڕ لە رەفاهیەتەکانی ژیاندا بژین, دەزانی چەندە ناخۆشە کە دەبینین لاوان بە کۆمەڵ یاخی دەبن, هەوڵی خۆکوژی دەدەن, دەستیان بە سادەترین و ساکارترین ئامێرەکانی سەردەمەوە ناگات, سەرکوت و زیندانی و چاودێری دەکرێن, پرۆژەو خەون و خولیاکانیان لێ دەبێت بەسەراب. ئیتر ئێمەش کاتێك ئەم واقیعەتە دەبینین ناچارین بەم زەمانەی ئێستا قسەبکەین بۆ ئەوەی ئەم ژیانە بە ژیانێکی تری باشتر بگۆڕین, نەوەك راستیەکان ئاوەژوو بکرێ و کێشەکان بە هەڵواسراوی بمێننەوەو گرفتەکان قوڵتربببنەوە.